# ڕۆحی شەیتەنەت

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

**درۆیەكی گەورەیە ئێمە باس لە سەروەری یاسا ئەكەین و كەچی دەیان پێشێلكاری یاساییش ئەبینین و دەیان دوعای دەست بە دەسنوێژ بەردباران ئەكەن بە بەرچاومانەوەو هیچ ئیجرائاتێكیش ناكەین، ئەوانە بیریان چوو كە عەقڵی بۆگەنی خۆیان بەرد باران كرد نەك دوعای سپی، دەبێ ئەوە بزانرێت ئەوانە پێش هەر شت یاسایان لە خاچداوەو سوكایەتیان بە سەروەری كوردو حكومەتەكەیەوە كردووە نەك دوعا ئەو بەرد بارانە بەردبارانی كوردو ژنی كوردو ئەخلاقی كوردە نەك دوعا؟ ئاخر جوڵەو دوا هەناسەو سەكەناتی دوعاش دڵنیام دوا هەناسەی ئینساندۆستی ئێمە بوو لەگەڵ دوعادا ڕۆشت، ئێمەی دزو جەللادو مافیاو سادیست، كوا هەناسەی مرۆڤپەروەریمان تێدا ماوە و كوا ڕێزی مرۆڤ و كچ و عیشق تێدەگەین، ئێمەی كورد خاوەنی هیچ دەسەلاتێكی تەشریعی و تەنفیزی نین ئەگینا نەمان ئەهێشت بكوژانی دوعا ئاوا سەربەست بژین، بەداخەوە زۆر بەداخەوە لەم شەوانەشدا كە هێشتا خوێنی دوعا لە بەعشیقەو لە بەرپێی ئێزیدیەكاندا سوورو ئاڵ ئەنوێنێ، تیڤیەكی ئاسمانی یەكێ لە حیزبە كوردیە دەسەلاتدارەكان ئاهەنگی جرت و چەقەنەی ئێزیدیەكان پەخش ئەكا، ئەو یەزیدیانەی بەردبارانی دوعایانكرد، دەك دەستان برزێ و بە كەنەفتی و ئازارەوە بمرن، بەدەستێ بەردو بەدەستێكیش تەكنەلۆژیای مۆبایل و عەقڵێكی ژەنگگرتوو رووە ساختەكەی ژیانی ئێمەیە، ئێمە ژیانمان هەموو ساختەیە ئەگینا چۆن ڕێگە ئەدەین ئاوا ڕۆحی دوعا جێمان بێڵێ و پەرلەمانەكەشمان تاقە قسەیەك لەسەر ئەو قوربانیە نەكات، ئەمەش عەرەب و تورك و فارس پێی كردین؟ ئەمەش ئەنفال و زیندەبەچاڵی بەعسیەكان بوو؟ ئەی چی بۆ قسە ناكەن خۆ شەیتان و ڕۆحی شەیتەنەت نەبوو وا ئەترسن؟؟! ئەی پەرلەمان شوێنی چییەو كام بریار ئەدات؟ پێدانی ئیمتیازو سەیارەو كرینی شوقە؟ ئەی مەرگ و فەسادەت و زیندان و ئیهانەو ڕەجمكردن و بەردی عەشیرەت چی؟ ئەوە گەر ئیسلامیەك بیكردایە ئێمە چیمان ئەكرد و تەنانەت ئەمریكاو غەربزەدەش چۆن گەورەی ئەكردو دنیای لێ ئەتەنی؟ ئەی ئێستا بۆ تیڤیەكی حیزبی و ڕۆژنامەیەكیان نییە كەمپین یا ووتارێ بنوسێ؟ ئەی تۆ ئەحمەد زاوێتی بۆ نەتتوانی ڕوی ڕەشی ئەو نەریت و عەشیرەتگەریەی كورد لە جەزیرەدا بە دونیا بگەیەنی خۆ تۆ هەم كوردو هەم ئیسلامی بوویت چما بیرت چوو؟ هەواڵ و ڕوداوی جەرگ بڕ نەبوو ڕەگەزی هەواڵی تێدا نەبوو یان بەدڵی جەزیرە نەبوو؟یان تەكنیك نەیهێشت؟ میدیای حیزبی كوردی ئەی ئێوە بۆچی ئەم شەیتەنەتە قبوڵ ئەكەن؟ چونكە عەشیرەتی دڵرەق و نۆرم و نەریتی دواكەوتوانەی خێڵ كردی و ئێوە نەتانكرد، دوعا بیری خستنەوە كە ئێوەش چەندتان بەبلۆك كوشت؟ یان لەبەر ئەوە بوو ئەو نۆرم و تەقلیدە كۆنخوازە لە ڕۆحی ئەم دەسەلاتانەدا ئەژی كە ئێستا حوكممان ئەكەن، یاسایەك نەلەرزێ لەبەردەم ڕۆحی دوعاداو حكومەتێكیش بێدەنگ بێت لەم جەریمەیەدا ئەوا مەحاڵە جێ متمانەم بێ.**